هەرێم بڕی ٤٣ ملیار دینار داهاتی نانەوتیی ڕادەستی بەغدا کرد

لەنوێترین پەرەسەندنی پەیوەندییە داراییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، وەزارەتی دارایی‌و ئابوریی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی گرنگی چونە بواری جێبەجێکردنەوەدا، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەدابینکردنی شایستە داراییەکانی موچەخۆرانەوە.

ئەمڕۆ چوارشەممە، وەزارەتی دارایی هەرێم بەفەرمی ئاشکرایکرد، بڕی 43 ملیارو 94 ملیۆن‌و 141 هەزار دینار، وەک داهاتی نانەوتیی مانگی ئادار، بەشێوەی کاش خراوەتەسەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی عێراق لەلقی هەولێری بانکی ناوەندیی.

ئەم هەنگاوە تەنها ژمارەیەکی دارایی نییە، بەڵکو وەڵامێکی خێراو کردەیی هەرێمی کوردستانە بۆ بڕیارەکەی دوێنێی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق.